# ساڵیادی تێرۆری د. قاسملو

**نووسینی ئازاد کەریمی**

July 12, 2024 at 9:07 PM



ئەم شێعرە هی خۆمە و ساڵی ٢٠١٣ یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر لە کتێبی " لە بەرزاییەکانی مەزرابۆتانەوە"دا بڵاوی کردوەتەوە.

ئەم شێعرەم بۆ شەهیدی ڕێبەر، جەنابی دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملو نووسیوە...

بێ گومان دوکتور قاسملو جێپەنجەی دیارە بە ئامانجی نەمر و هەمیشە زیندووی دۆزی کورد و ئاواتی بە دیهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆوە...

یادی بەرز و پیرۆز بێ و من خۆم بە شاگردی مەدرەسەی دوکتور قاسملو ئەزانم.

بە سەربەرزیەوە ئەڵێم من و ملوێنان کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر یەکەمان پرشکەیەکین لەو ئاگرەی وا لە مێژە هەڵکراوە و بە کەس ناکوژێتەوە.

سەرکەوتن بۆ ئێمەی کوردە، سوێند بە گیانی پاکی قاسملو و قازی محەمەد و شەهیدانی دۆزی کورد، و سوێند بە گیانی خۆم دۆزی کورد بە سەرکەوتن بۆ ئێمەی کورد تەواو ئەبێ. قەت پشتتان سارد نەبێتەوە لە ڕووداوە ناخۆشەکان، هەمووی وانەن... دووری بکەن لە سەرکردەی دز و بێ فکر و خوێڕی.

قەت نەکەونە داوی کایە بێناموسیەکانی خێڵی عەجەمەوە، هەر وەک جەنابی پێشەواش فەرموویەتی، ئەوانە هەتا کز و بێ دەسەڵات بن پێ و پێڵاوت دەلێسنەوە بەڵام کە هەست بە دەسەڵات بکەن دەتخۆن... جا قەت مەهێڵن خێڵی عەجەمی قوڵەکەی ڕەش و ڕووت ئەوەندە بەهێز بن بیر لە دژایەتی کورد بکەنەوە چ بگا بەوەی بە کردەوە خەریکی کەتن و تەڵەکە و دەستە و دەستەکاری بن لەگەڵ خەڵکی تر دژ بە کورد.

دووبارەی ئەکەمەوە وەچەی قاتڵی قازی محەمەد قەت لە کوردستان حوکم ناکا، بەڵێ ئێمە خۆمان ئاغای خۆمانین و خودای ئێمە ئافرێنەری ئێمەیە و شاهەنشایی کوردی لە هەزاران ساڵەوە بەردەوام بووە و لە سەفەوی بەو لاوە ئێمەی کورد شاهەنشای بێگانەمان بەڕەوا نەزانیوە و لە دژیان وەستاوین.

جیهان گۆڕاوە و زیاتر ئەگۆڕدرێ... ئێمەیش گۆڕاوین. کەس ناتوانێ خۆی بکا بە شا و ئەربابەوە بە سەرماندا لە بەر ئەوەی هەم بەر شەپی دەدەین، هەم گوو دەدەینە دەرخواردی هەم سەمەندۆکی دەکەین و هەم ئەیکەین بە وانە و پەند بۆ هەموو دنیا...

سەربەرزی بۆ شەهیدان و نەمران و ئەوانەی وا بۆ دۆزی کورد گیانفیدان... تف لەو کوردەی وا پاڵ بە عەجەمەوە ئەدا دژ بە کورد...

بژی کورد و کوردستان!

# چراخانی

بۆ یاده وه ری د.ع. قاسملوو

به شه قامه کانی "ورمێ" دا ئه ڕۆشتم

و خۆر وه ک بووکی شه رمین

له سه ر نوێنگه ی زاوای ڕۆژاوا دا

هه ڵتروشکا بوو

گۆلاوی سوێریش

له باوه شی ده شتی "سیلوانه" دا

نووستبوو،

شنه ی شاخی "برادۆست"

په لکی ڕه زه کانی ئه لسته وه

شه راب له گۆی ترێ دا

زنجی کردبوو

هه ر وه ک ئه ستێره وان

هه ر وه ک ئه ستێره وان

هه ڵتووتاوه به ڕمڵه وه

بۆسه یری هه ساره ی بارام و جه ردیس...

چراخان بوو

هه وا تاریک بوو

باره کان داگیرابوون

ته رمه کان نێژرابوون

ده رگاکان داخرابوون

په نجێره ی ته لاره کان تاک مابوون

په رده کانیش با ئه یشه کاند

ئه وه ی زامدار بوو

ئه وه ی زامدار بوو

خویّ به برینیه وه ئه کرا

ئه وه ی بێدار بوو

زاخ به چاویه وه ئه کرا

نه مه ڵهه م ئه کرا به برینه وه

نه سورمه ش ئه کرایه چاو

ته وێڵکه رانی گه ردوون

ده زوویان به سیمای که ش دا نه ئه هێنا

بۆ هه ڵگرتنی گه نده مووی ئه ستێره کان

بووکی ڕۆژ

چاوه ڕوانی ته واو بوونی شه وی

خه نه به ندان بوو

که تاجی هه تاو له سه ر بدا

وتارای سپیایی دابداته وه

به سێره ی دا...

به سێره ی دا...

هێشتا "دم دم" و "چاری"

هێلانه ی بایه قوشن

ده شتی "سه ڵماس" هه نسک ئه دات

کوێستانی "نێهری" بێ نێرگزه و

"شه مزینان" شه مزاوه له خه منامه ی

"شێخ عه به دیلا" و "خانۆی له پ زێڕین"[1]،

"ئۆره مار"

جێ پێی "فه رزه نده ی"[2] به یادگار هه ڵگرتوه

"بالانبۆ"ش

"بالانبۆ"ش

بۆن بە کراسی خوێناویی "سمکۆ" وە ئە کات...

بە شە قامە کانی ئێوارە ی ورمێ دا ئە ڕۆییشتم

چراخان بوو

هێچ بۆنە یە ک لە ئارادا نە بوو:

نە شە وی لە دایک  بوونێک بوو

نە ئێوارە ی ئاوابوونی ڕۆژێکی خە مبار

نە شە وی زستان بوو

نە ئێوارە ی نە ورۆز

نە جە ژنە فە تیرە ی جوو

نە قیامە تی فە لا

نە مە ولووی موسوڵمان

نە  چوارشە مە سۆری  داسنان

نە  جە ژنە گە ورە ی  مە ندایيان

نه "دووی ڕێبه ندان"[3] بوو

نه "یازده ی ئادار"،[4]

ته نیا ئێواره ی شه وێکی ئاسایی بوو

نه ئاشق ببووم به باڵای که ژه ڵێک

نه کیژۆڵه یه ک دڵی دزیبووم به بسکی چین چین

وشه کان

له بیرم دا نه مابوون

بۆ چنینی کراسی داستانێک،

ئیلهامی ئاسمانی یش خۆی نه کێشابوو

به هێشووی هه ستم دا

بۆ هه ڵوه رینی گلاری هێما شیعرییه کان

بازی خه یاڵم له سه رشانی هزرم دا

پشووی دا بوو

مه یلی نێچیرگه ی " ڤیه نا"ی نه ئه کرد

منیش

منيش

به شه قامه كانى ئێواره ی ورمێ دا

ڕۆیینیم ئه كرد

چراخان بوو

هیچ بۆنه یه ک له ئارا دا نه بوو

چراخانی باڵه خانی ناخم بوو

یادی خۆشه ویستی تۆی

له دڵم دا به رز ڕائه گرت...

هه ولێر- 2012/10/22